پێشکەشە بەهاوڕێم ئاسۆ عەبدولەتیف
کەبەدەنگە زولاڵەکەی ئەو خوێندرایەوە

# عیشق

**عادل شاسواری**

دەنگت بابێ

گەرووم تینووی کانی دەنگتەو

ڕێبواری بیابانێکە .. ئاو لێ بڕاو

دەروون وشک و ڕۆحیش سووتاو

عاشقان، لەدووری یاریان .. تەنها دڵیانە قوڵ دەدا

دەروێشان، لەدووری شێخیان .. تەنها حاڵێک دەیانگرێ

قوتابی لە عیشق مامۆستا .. تەنها یادی دەرسی دەکا

ساڵ بەدرێژایی تەمەنی .. شانازی بەبەهار دەکا

من لە هەموو ژیانمدا .. گیانم وەسفی جوانیت دەکا

دەنگم، دەنگی هەنگاوانت .. دەڵێتەوە

ئەلبومی ڕۆژژمێرەکەم ، پەڕە .. پەڕە .. دەکرێتەوە

وێنەی یادەوەریەکانت ، بەنیگا .. دەکێشێتەوە ..!

ئەی ڕۆحی ئەوینی بەرزم :

توخوا بە عیشق مەم سوتێنە

هەناسەت سوارکە سەر باڵی ئەسپی دڵم

با ئاوزنگی گەشتێکی نوێ .. دەست پێ بکا

بزانە ڕۆحم بۆ کوێ دەفڕێو

کام دەربەندە دەپشکنێ ؟!